**پرۆژەی هەمواری یاسای بەکرێدانی خانووبەرە**

**ژمارە ( ٨٧ )ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموار کراو**

**لەهەرێمی کوردستان- عێراق**

**ماددەی ( ١ )**

بڕگەی (٢) لەماددەی (١) هەموار دەکرێتەوەو بەم شێوەیە دەبێت:-

ئەو گرێبەستانەی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون یان غەیری نیشتەجێبوون گرێدراون‌و ماوەکەیان کۆتایی هاتووە، وەیان ماوەی (٥) ساڵ تێپەڕبووە بەسەر گرێدانی، ئەوا لایەنەکانی گرێبەست بۆیان هەیە داوا لە لیژنەکانی خەملاندنی فەرمانگەی باجی خانووبەرە بکەن بۆ خەملاندنی کرێی مانگانەی موڵکی بەکرێدراو لەسەر کرێی مانگانە لەنێوان (٥٪- ١٠٪)، وە دوای ئەوە لایەنەکانی گرێبەست بۆیان هەیە هەرچوار ساڵ جارێك داوای خەملاندنی کرێی مانگانە، وە بڕیاری لیژنەی ناوبراو شیاوی تانە لێدانە لەبەردەم دادگای بەرایی تایبەتمەند لەماوەی (١٥) ڕۆژدا لەبەرواری ئاگاداری کردنی وەبڕیاری دادگای بەرایی کۆتاییە.

**ماددەی ( ٢ )**

بڕگەی یەکەمی ماددەی (٣)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە بەم شێوەیە:-

یەکەم:- نابێت ساڵانەی ئەو خانوبەرانەی حوکمەکانی ماددەی (١/ جووەم) ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەم ڕێژانەی خوارەوە زیاتربن:-

١- ٣٪ سێ لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانووبەرە یان شوقانەی بۆ نیشتەجێبوون ئامادەکراون‌و بۆ ئەم مەبەستەش بەکرێ دەدرێن.

٢- ٤٪ چوار لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانووبەرەو یان ئەو شوقانەی کە ژوور، زۆر بۆ نیشتەجێ بەکرێ دەدرێن.

٣- ٤٪ چوار لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانووبەرە یان ئەو شوقانەی کە بۆ مەبەستی غەیری نیشتەجێ بەکرێ دەدرێن.

## هۆكارەكانی دەرچوونی یاساكە

لەبەر سەقامگیریو دروستبوونی ئاشتەوایی كۆمەلایەتیو هاوسەنگی مافی كرێچیو خاوەن مولك.